کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-12-2006 16:38 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڤیژەڤیژی سەرباز کەرکوکی و کەسایەتی لیوا شێرکۆ.... هاوڵاتییەکی کەرکوکی

2006-12-25

لە ماڵپەری کوردستان پۆستی ئازیزدا، ووتارێکم بەرچاو کەوت لە 2006-12-5 دا بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناونیشانی (پۆلیسە عەنتەرەکانی کەرکوکیش دز دەرچوون) . سەرباز کەرکوکی نوسەرەکەیەتی وتێیدا، بێ ئاگایانە، تەڕو ووشکی بەیەکەوە سوتاندووە.

بۆیە ئەوە ئەهێنێ چەند روونکردنەوەیەك یان چەند سەرنجێک لەسەر ئەم بابەتە بدەم کە هیوادارم ببێتە هۆکارێک بۆ بەخۆپێداچوونەوە و راستکردنەوەی هەندێک لە هەڵەچەوتو قسە نابەجێکانی سەرباز. لە نوسینەکەیدا وێنەیەکی نێگەتیڤانەی پۆلیسی کەرکوک دەخاتە بەرچاوی خوێنەرو دەیەوێ بەم ووتارەی وا نیشانی خەڵکی بدات کە خاوەنی قەڵەمێکی ئازاو راستگۆیە و بەئەمانەتو بەبەڵگەوەو کوتومت شتەکان وەکوخۆی دەڵێت وئەوەی ئەو دەیڵێت هەمووی راستەو هیچ بەرژەوەندییەکی شەخسی بوغرای نەکردووەو چاوی لە ئاست خراپەکاریدا کوێرنیە و دەنگی دلێرە!.

لە ووتارەکەیدا، دەردەکەوێ زۆر داخ لەدڵ بێ لە پۆلیسی کەرکوک ودەزگا ئەمنیەکانی وکەتۆتە کۆمەڵێک ئیهانەو قسەی سوک و ناشرین پێیان، کە پێم وایە لەگەڵ قەڵەمی نوسەری بەسەلیقەی شارەزا و واقیعی وراستگۆوکوردپەروەردایەك ناخوێنێتەوە. رەنگیشە ئەمە وای لێکردبێت جورئەت وزاتی ئەوەی نەبوبێ ناوی راستەقینەی خۆی بڵێت، یان ئامۆژگاری لە سەرووی خۆیەوە وەرگرتبێت! هەربۆیە لەپاڵ نوسینەکەیدا وێنەیەکی رەشی رووخساری خۆی بڵاوکردۆتەوە کە هەرگیز سپی نابێتەوە!. بە هەرحاڵ خاوەنی بابەت ئازادە، چ ناوێک وچ رەنگ ورووخسارێک لە خۆی دەنێت. بەڵام کەسایەتی وقەڵەمی نوسەری بوێر لەوەدا دەردەکەوێ کە بەباشی خاڵ بخاتە سەر پیتەکانی ومیسداقییەت بەخۆیەوە هەڵگرێ.

من دەمەوێ بڵێم، کە نازانم سەرباز رابوردووی چیە، ئایا سەربازی بەعس بووە؟، جاش بووە؟، یان لە جولانەوەی رزگاری خوازی کوردستاندا، پێشمەرگە بووە؟ یان....؟ بەڵام ئەوەندەم بۆ دەرکەووتووە، وەک چۆن دەزانم ودڵنیام لە خۆم هاوڵاتییەکی رەسەنی شاری کەرکوکم، ئاواش باوەرم هەیە کە ئەم بابەتە نووسینی نووسەرێک نیە کە ئامانجی ئەوەبێت بەراستی و دروستی ودڵسۆزانەو بەویژدانەوە دیاردەی گەندەڵی ودزی بپێکێ وخەم خۆری باری ئێستای کەرکوك بێت.

زۆرم پێخۆش بوو ئەم ووتارە وابخوێنمەوە، کە بەڵگەی ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ لیوا شێرکۆ هۆزانی کوڕی وەک وێنەکەی لیوا تۆرهان، لە ووتارەکەدا دەرکەوتایە!. نەک لەپاڵ وێنەکەی لیوا تۆرهاندا قسەی ناشرین وبێ سەلیقە بە لیوا شێرکۆو بنەماڵە رەسەنەکەی بووترێ و بەدزناوزەد بکرێن، کە خۆیان دز ئەگرن. باوەڕیشم وایە ئەم قسانەی{ ئەبو ئیسماعیل) ! ناچێتە گیرفانی هیچ کەسێکی کەرکوکی رەسەنەوە. سەرباز یاری (ووڕش بە کاچلخ دەکات وکەچی بێ ئاگایەو نازانێ لە ئاست بنەماڵەی لیوا شێرکۆداماوەیپوچە. سەرباز لە هۆزانی کوڕی لیوا شێرکۆ تورەیە ولەوەوە، دەستی بە ئیهانەکردن کردووە و بەپۆلیسی فریاکەوتن ونەژدە کۆتایی دێنێ و جۆرە هێرشێکی رەهای ناڕەوای بێ بەڵگە بۆ دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک دێنێ کە پێم وایە ئەم جۆرە هێرشانە، چونکە بەڵگەو هۆکاری کۆنکریتی نیە، جگە لە شکست هیچی کەی لێناکەوێتەوە.

من بەپێچەوانەی سەربازەوە، لە لای کێلی گۆڕەکەی خوالێخۆشبووی باوکی لیوا شێرکۆوە بەم دێرە شیعرە دەست پێدەکەم کە بۆ کورەکانی جێهێشت ودەڵێ:

وەرنە سەرگڵکۆم بۆم بکەن شیوەن زووخاو هەڵرێژن هیوای من ئێوەن

بڵێن خۆ نەیدی کوردستان بەچاو ئامانجی من بوو ئازادی وەتەن

ئێستاش پاش 33 ساڵ، لەسەر کێلی گۆرەکەی هەر بە نەخشێنراوی ماوەتەوە، کەچەندین جار ئەمنە بەعسیەکان کردبوویان بەبیانوو بۆگێچەڵکردن بەکورەکانی وئەوانیش ئامانجی باوکیان بۆ هەمیشە لەبەرچاو گرت وکاریان بۆ کرد، کەتۆ لەوکاتەدا سەربازەفەنگی! ڕەنگە دەمت مەمکی نەگرتبووبێ شیر بخوات. من خۆم تا سەر ئێسقان دژی بەعس ورژێمەکەییم، بەڵام ئەوەش دەڵێم:

مامی هۆزان، کە وەک مامۆستایەك چەندین نەوەی پێگەیاند کە هەندێکیان ئێستا خاوەن بڕوانامەی بەرزو پێشمەرگەی کۆن و بەڕێوبەری فەرمانگاکانن و ئەندامی پەرلەمانن، ئەگەر عوزوفرقەیەکی ئەسڵی ودڵسۆز بوایە بۆ بەعس!!، هەڵبەت دەیتوانی بەرگری لە دایکی ڕەحمەتی خۆی بکات و بیپارێزێ تا تەرحیلی نەکەن لەکەرکوك! کە بەداخی تەرحیلەوەسەری نایەوەو جێی هەقی خۆشی لە ئارامگای گردی سەیوان بەرقەرار کرد.

ئاخر سەرباز، تۆی هەڵەشە، ئەگەرناوونازناوت بزانرابایە، پێدەچوو لیوا شێرکۆو بنەماڵەکەشی شکایەتت لێبکەن لەدادگاو بەمەرجێ ئەو حزبەی کە کاری بۆدەکەی دەست نەخاتە کاری دادگاوە، ئەوا خۆ ئەو قازانجەی کەدەتەوێ بەدەستی بێنی لەو کەسەی کە هاندەرتەو بەکرێ ی گرتووی، سەری سەرمایەکەت دەخوا برادەر.

ئاخر تۆ کۆمەڵێ ئیهانەو بوختان وقسەی پروپووچ و عوزوفرقەو فیدایی سەددام و ئەمریکاو خانووی عەرەفەو.... تاد دادت نادات، هەزارەها عوزوفرقەو سەرۆک جاش، هەر لەڕاپەڕینی بەهاری 1991 ی گەلە بێچارەکەمانەوە، کە بەداخەوەو سەد مەخابن سەرکردایەتی کورد عەفوی کردن و هەندێکیش، بگرە زۆربەیان ناویچەکداری شۆرشگێریان لێنان! هەندێکیشیان ئەوە ئێستالە فەرمانگاکانی کوردستاندا حوکمی من وتۆ دەکەن وئەوە سەرکردەکانت ڕێگە بە هەندێ بەعسیە کۆنەکانیش دەدەن بگەڕێنەوە سەرکار!، ئەی بۆ لەئاست ئەم دیاردەیەدا وورتەت لێوە نایەت؟! تۆ ئەگەر ڕاست دەکەی دژی بەعس و گەندەڵی ودزی وبەرتیلیت ودۆست ولایەنگری هەق و دیموکراتیەت ومەدەنیەتی ودەزانی کە هەق دەڵێیت ودڵت بۆ کەرکوک دەسوتێت، ئەوە دادگاو برۆ ئازایانە و وەک کەرکوکیەکی نەترس وبوێر، هەرچەندە گومانم هەیە کەرکوکی بیت! داوای خۆت لەسەر لیوا شێرکۆو تۆرهان و عەقید یادگارو هۆزانی زابوت و نەقیب سەمیع یان هەرچ کەسێک کە بەڵگەت هەیە لەسەری، تۆمار بکەوبیاندەرە دادگا و دەنگت، هەرچەند باوەرناکەم دلێر بێت! بەرزبکە رەوە. نەک بێیت، لیوایەکی سەربە بەرەی تورکمانی کە خۆت وێنەکەییت وەک بەڵگەیەکی شەرماوەر بڵاوکردۆتەوە، کەلەمەیاندا دەستخۆشیت لێدەکەم، بخەیتە ریزی لیواشێرکۆوە کە لەژیانیدا سەری بۆ بەعس دانەنواندووە.

گەر دەتەوێ لەشەخسییەتی لیوا شێرکۆ شاکر بگەیت، پێم باشە بچی بەپیاوە کوردپەروەرە ناودارەکانی کۆیە بڵێی بۆ لە ساڵی 1978 بەعس خانەنشینی کرد؟. بۆ ئەوەی لاوازی وبەهێزی کەسایەتی ئەو پیاوەت بۆ دەرکەوێ و باشتر لە هەڵوێستی ئەو پیاوە بزانی، برۆ لە پیاوە بەتەمەنە کوردپەروەرەکانی خانەقی بپرسە بۆ شێرکۆیان لەساڵی 1969 لەخانەقییەوە نەفی کرد بۆ شاری ناسرییە لەخوارووی عیراق؟ وە لە ناسرییەش برۆ لە سەرۆک عەشرەتە عەرەبەکانی دژی سەددام بپرسە ئەم پیاوە نەفی کراوە لە شاری ناسرییە چۆن بووە؟ بەدوای ئەم پرسیارانە شدا بچۆ بۆ سەلماندنی حەقیقەت وکەسایەتی ئەم پیاوە.

ئەمەی سەرەوە پیاهەڵدان نیە بەسەر لیوا شێرکۆدا ومن هیچ بەرژەوەندییەکم لەگەڵیدا نیە. بەڵکو شتی ناهەق و تاوانبارکردنی مرۆڤ بەبێ بەڵگە، شوورەییە ونابێ خەڵکی خاوەن قەڵەم و بەویژدان وبەئەمەک لەئاستیدا بێدەنگ بن. من نازانم بەرێزت تەمەنت چەندە؟، بەڵام لەگەڵ داوای لێبوردنم،

هەرچەند بەتەمەن بیت، ووتارەکەت لەنووسینی منداڵێکی ڕقن وکینەیی دەچێت لەبەرامبەر لیوا شێرکۆو خانەوادەکەی. بۆیە چاکتر وایە بۆ لەمەودوا گەردەتەوێ باسی کەرکوک ولیوا شێرکۆوبنەماڵەکەی بکەیت، گرووپیان لێ مەگرە. چونکە ئەم جۆرە تۆنە دەنگەی کە قیژەقیژی پێ دەکەیت، زۆر نەشازو ناسازەو کەس تاقەتی نیە گوێت بۆ رادێرێ (ئەبو ئیسماعیل کەرکوکی) !!. تۆ بەناوێکی خوازراوەوە، هێرشێکی نارەوات کردۆتە سەر خانەوادەی خوالێخۆشبوو سید شاکری سەید حەکیم و گومانیشم هەیە کە خەڵکی کەرکوک بیت!
منیش ئەم نوسینەم بە ناوی هاوڵاتییەکی کەرکوکی نوسیوە، چونکە خۆم دەناسم تا سەر ئێسقان کەرکوکیم و خەڵکی ئەو شارەم و تەمەنێکی بەرچاو خەباتم لە پێناویدا کردووەو ئەو بنەماڵەیەش بەچاک وخراپیەوە دەناسم وبەهەلوێستەکانیان ئاشنام. هەر بۆیە وەک هاوڵاتییەکی کەرکوکی ئەم ووتارەم نووسیوە، مەبەستیشم لەم نووسینە ئەوەیە کە لەهەندێ هەڵوێستی هەڵەو قسەی ناشرین کە لەووتارەکتدا بەر چاو دەکەوێ هۆشیارت بکەمەوە، کە بۆ لەمەودوا بەویژدانەوەو بەقەلەمی هەق وراستی بنوسیت نەک بەقەلەمی جۆری بەرژەوەندی تایبەتی خۆت.

هیوادارم کەمێک بەزانیاری خۆم سەبارەت بە لیوا شیرکۆو بنەماڵەکەی، هاوکاریم کردبێتی کە تێبگەی، هێزی راستی و سەلیقەی نوسین و ئازادی رادەربرین لە کوێدا لەنگەر دەگرێ و چۆنیش باوەرپێکراو دەبێت؟.